8 بابەت:

2. مزگەوتەکان: مزگەوتەکان بە مەڵبەندی یەکەمی ڕۆشنبیری دادەنرێن بۆ خوێندنی زانستە ئیسلامیەکان وزمانی عەرەبی ، مزگەوتی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم یەکەم مەڵبەندی ڕۆشنبیری بوول ە ئیسلامدا کە زانیاری ومەعریفەی لێ دەرکەوت، پێغەمبەر صلە الله علیە وسلم تیایدا دادەنێشت وبوارەکانی ئایین ودنیای فێری هاوەڵانی دەکرد، دواتر موسڵمانان لە هەر شارێك مزگەوتێکیان دروست دەکرد ، مینبەرەکان لە ناوچە جیاجیاکاندا بەرز دەردەکەوتن ، مزگەوت تەنها شوێنی پەرستش نەبوو بەڵکو شوێنی بوو بۆ خوێندن ودادگایەك بوو بۆ دادوەر و پێگەیەك بوو بۆ ئاڕاستەی ڕووەو و جیهاد ... هتد. هەروەها هاوڵانی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم لە نێو مزگەوت وانەیان وتووەتەوە، کە بازنەیەکی فێرکاری ( حلقە علم ) لە هەموو مەزگەوتەکان هەبوو، ولە هەموو شارەکانی جیهانی ئیسلامی بەم شێویە مەزگەوتەکان ڕۆڵی گرینگیان هەبوو لە گەشە پیدانی زانستی ، لەگەڵ فتوحاتی ئیسلامیدا یەکەم هنکاو لە ناوچە فەتح کروەکا دروست کردنی مەزگەوت بۆ، بەم شێویە ژماری مەزگەوت لەهەموو شارەکانی ئیسلامدا دامەزرا وبازنەی زانستی تیدا هەبوو وبەر دەبوو لە خوازریان زانستە شەرعییەکان و زانست تر.

سیستەمی فێرکاری کە لە مزگەوتەکاندا دەگیرایە بەر سیستمی ئەڵقە فێرکاریەکان یان ئەڵقە زانستە، ماموستا لە نزیك دیوار یان پایەی مزگەوتدا دادەنیشت و لە دەوریدا خوێندکارەکانی لە شێوەی بازنەییدا دادەنیشتن وچیبیان وەردەگرت دەیاننوسیەوە.

بازنەکانی خوێندن تەنها زانستە ئایینیەکانی نەدەگرتەوە، بەڵکو زانستەکانی زمان وپزیشکی و زانستی تری لە خۆدەگرت. هەروها جێکی باسە هەندێ بازنە هەبوون کە تایبەت بوون بە ژنان، وژمارەی بازنەکان بەرو زیاد دەڕۆیشت تا ئەو رادەی وای لێ هات کە شەو و ڕۆژ مەزگەوتەکان بەتال نەدەبوو لە بازنەی زانستی وژمارەی بازنەکان زیادی ئەکرد، لە هەندی مەزگەوتی گەورە ژمارەی بازنەکان ئەکیشتە سەرەوەی چل بازنە، فراوانی ئەڵقەکانی وانەوتنەوە لە مزگوتە ئیسلامیەکاندا جیاواز بوون بە پێی ژمارەی خوێندکاران. دواتر سیستمی مۆڵەت دان دەرکەوت ( بڕوانامەی باڵا ) بەو پێیەی خوێندکار دوای مۆڵەتەکە کتێبەکانی ماموستاکەی بەکاردەهێنا ودەیتوانی گێڕانەوەی لێوە بگێڕێتەوە.

لە سەرچاوەکان ئاماژە بە وە دەکات کە کورد ڕۆڵی بالایان هەبووە لە دروست کردنی ودەرس ووتنەوە لە مەزگەوتەکان ، هەروەها بنەماڵە وخنوادی کورد دەسەلادار زۆر گرینگەی دەدا بەم بوارە ،بۆ نەموونە بنەماڵی ئەییوبییەکان لەسەرتایی دەمەزراندنی گرەینگەیان داوە بە زانا وزانست و سەلاحەددین زۆر بەناوبانگ بووە بە ڕێزگرتن لە زانایان وبەخشندە بووە لە گەڵیان هەروەها حەز و ئارەزووی تایبەتی هەبوو بۆ فێربوون ودانیشتن لەگەڵ زاناکان، هەروەها سەرچاوەکان ئاماژە بەوو دەکەن کە مەزگەتەکانی ژێر دەسەلاتی سەلاحەدین خەرجییەیکی زۆری لەسەر کارەمەندەکانی مەزگەوت و قوتابیان

مەزکەوت و زاناکان دەبەخشی، بازنەکانی بە شێوەیکی بەرچاوو فەربالغ بوو ، کۆبوونەوەی وانەوتنەوە لە بەیانیان و ئێوارانداا بەردەوامی هەبوو کە بەردوام بوونیشی بی کومان ئەکریتەوە بۆ هاندانی سەلاحەدین ودابین کەردنی مووچە بۆ ماموستایان، هەروەها جگە لە مووچەش خۆراك و جیی حوانەوە ( خانوو لە بالٚ ) مەزگەوت بۆ ماموستا دابین دەکرا، ولەوش زیاتر وپەخشندیی ئەییوبییەکان کەیشتە ئەو رادەییە کە خزمەتگوزاری تەنها بۆ دانیشتوانی شارەکە نەبووە بەڵکو کەسانی کوچەر لە مەغرییەو وقوتابی کە بە دوای زانستەدا هاتووە بۆ فێربوون شوێنی تایبەتیان بۆ تەرخان دەکرا ولەگەڵ خواردن ، وهەر خوێندکارێك کە بە دوای زانستدا کۆچی کردووە رووەی کردووتە مەزگەوتەکانی سەلاحەدین بڕێکی دیارییکراوی پارە ی بۆ ئەبرایەوە. وا بومان دەردەکەویت کە کورد ڕۆلیکی بە ر چاوەی بینی لە بەردەوام بوونی وگەشە کردنی زانستیدا وترخان کردنی هەموو پیداویستیەکان بۆ خزمەت کردنی زانست وزانەکان.

هەروەها مەلیك عادلی ئەیوبی گرنگییەکی زۆری بە دروستکردن ونوژەنکردنەوەی مزگەوتەکان دا لە شاری کەرەك، ومەلیك ئەلئەشرەف ئەلئەیوبی کە عاشقی زانست وخەڵکەی زانا بووە زۆربەی پارەکەی بۆ دروستکردنی شوێنی زانست خەرج کردووە ، وژمارەیك لە مەزگەوتی دروست کردووە وەك ( مەزگەوتی دار والسعادە ) و ( مەزگەوەتی قەسەب ) و ( مەزگەوتی جەراح، و پارەیکی زۆری تەرخان ئەکرد بۆ بەرێوەبردنی کاروبارەکانیان وخەرجکردنی بۆ خوێندکار و ماموستاکانیا نجگە لە دابەش کردنی خواردن وشیرینی لە بۆنە ئاینییەکاندا لە سەر دانیشتووان و سەردانکەرانی.

لە نێو زانا کوردەکان کە بەشدارییان لە بنیاتنانەوەی وئاوەدانکردنەوەی مزگەوتەکاندا کردووە، ناسر الدین کوری حرانەییە ( الحرانی ) کە مەزگەوتیکی لە میسر دروست کردووە لە ساڵی 772ك.

هەروەها مێژوونووس ئیبن شەداد کە لە ساڵی 684ك )کۆچی دوای کردووە، باس لە کۆمەڵێك مەزگەوت دەکات کە لەلایەن زانا وکەسایەتییەکانی کوردەوە دروستکراون، بەڵام بە داخەوە زانیاریەکان زۆر کەمەن تەنها ئاماژە بە ناوی مەزگەوتەك ودامەزرینەری دەهێنێتەوە، وئاماژە بە شاری مەیافەرقین کە دوو سەد مەزگەوتی لەی بووە، وشاری ماردین سەد مەزگەوتی هەبووە، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا ئاماژەیە کی ڕوونە بۆ رادەی گرینکی دانی کورد بە مەزگەوت وبەدی هینانی زانست و ئاستای رۆشنبیری خەڵکی ناوچەکە .

شایانی باسە لێرەدا ئاماژە بە رۆڵی ئافرەتانی زانای کورد بکەین لە دروستکردن و ئاوەدانکردنەوەی مزگەوتەکان وبەرێوەبردنی، هەروەها خەرجکردنی ئەوقاف بۆیان، لە وانە کەسیاتی ناودار (زەیفە خاتون ) -ضيفة خاتون- کچی مەلیك عادل کە لە ساڵی( 640ك ) کۆچی دوایی کردووە، لە دوای کۆچی دوایی کوڕەکەی مەلیك عەزیز خاون شاری حەلب، زەیفە خاتون حوکەمەی شاری حەلب دەکات، وەك سوڵتانیك هەڵسوکەوتی کردووە، و بە داد پەروەری و بەزەیی وبەخشندەیی وخێرخوازی وزیرەکیی ناسراو ، ناداد پەروەری وباجی لە هەموو حەلەب نەهێشت ،هەژاران و زانایان لە

خۆی نیەزیك ئەکردەوە زۆر گرینگیان پەی ئدا. دەسەلآتەکەی نزیکەی شەش ساڵ بەردەوام بوو، لەو ماوەیدا چەندین دامەزراوەی پەروەردەیی دامەزراند لە وانە مزگەوتێکی گەورە، کە چەندین وەقفی پێبەخشی، مزگەتەکەی بە یەکێك لەو مزگەوتە دیارانە دادەنرێت کە لە ساڵی 633ك دامەزراوە.

خاتوونیکی تری ناوەدار کە خەم خوری زانست و زانایان بوو ، زومورد خاتوون کچی ئەیوب کە مزگەوتیکی گەوری دروست کرد لە دیمەشق. وا دیارە بەشداری کورد لە دامەزراندی دامەزروەیکی فێرکاری وبەرستش یەك جار زۆرە .